نووسینی    د . زاهیر سوران
1 ی دیسەمبەری 2004

# یەکی دیسەمبەر

# (رۆژی جیهانی ئەیدز)

چەند ساڵێك لەمەوبەر هەندێك توێژیارانی سوێد پێیانوابوو کە ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە و نەخۆشی ئەیدز کەم دەبێتەوە . بە بۆچوونی وان هەڵمەتی بلاوکردنەوەی زانیاری بۆخۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە و دابینکردنی ماڵ بۆ کرینی دەرمان و توێژینەوە ، رۆڵی گرنگ لە سەرکەوتنی بۆچوونەکانیاندا دەبینێت . بەلاٌم بە پێچەوانەی بۆچوون و هیواکانیانەوە رۆژانە ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە و ئەیدزداران، بگرە ژمارەی ئەو کەسانەی بە نەخۆشییەکە  دەمرن لە زێد بووندان .
ئەوەی شایانی باسە و بەباشی دەزانم پێویستە لەم رۆژەدا ئاورێك لە مێژووی تاڵوناخۆش و پرمەینەتی نەتەوەکەمان بدەینەوە کە جگە لەو هەموو دەردەسەرییانەی تووشمان بووە داگیرکەرانی کوردستان تەنانەت نەخۆشیی کورد (تووشبوان بە HIV ئەیدزداران) یان سەرنگووم و زیندە بەچاڵ کردووە .
ئەوەی شایانی باسە لە 22 ی نۆڤەمبەری 2004، WHO/UNAIDS/UNICEF رایانگەیاند کە بە پێی ئەنجامی ئەو توێژینەوە 19 مانگییەی لەسەر دەرمانی  (Cotrimoxazole) کراوە ئەو راستییەیان بۆسەلمێنراوە کە ئەنتیبایۆتیکەکە زۆر کاریگەری لەسەر درێژەپێدانی ژیانی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە هەیە . لەبەرئەوە وای بەباش دەزانن و پێشنیاری دەکەن تا شێوە وماوەی بەکارهێنانی ئەنتیبایۆتیکەکە بگۆرن .
ئەنتیبایۆتیکی (Cotrimoxazole) واتە (Bactrim=Septra) یەکێکە لەو ئەنتیبایۆتیکانەی لە ساڵی 1973 وەوە دژی سۆی بۆریەکانی میز، بۆریەکانی هەناسە، سۆی گوێ ی ناوەند، هاوکات بەمەبەستی خۆپاراستن لە بەکتریای پنێومۆکۆکەس ، سییەسۆ و تۆکسۆپلاسمای مێشکی ئەیدزدار  بەکاردەهێنرێت

رۆژێك چاشتر ، واتە 23 ی نۆڤەمبەری 2004 دا WHO/UNAIDS رایانگەیاند کە ژمارەی تووشبوانی تۆمارکراو بە ڤایرۆسەکە گەیشتۆتە 39.4 ملیۆن  مرۆ . هەمان سەرچاوە دەبێژێت کە ژمارەی مێ ی تووشبوو بە ڤایرۆسەکە  لە هەموو جیهاندا لە زێدبووندایە بە تایبەتی نیوەی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە لە رەگەزی مێ یە و زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان 15–49 ساڵاندایە . بەلاٌم ژمارەی راستی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە نازانرێت .زۆربەی زۆری پسپۆرانی ئەم بوارە دەبێژن ، لە هەموو جیهاندا ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسەکە لە زێد بووندایە بە تایبەتی لە چین ، ئەندەنوسیا و ڤێتنام دا . هاوکات ولاٌتانی رۆژهەلاٌتی ئەوروپا و ئۆکرانیا و رووسیا رووبەرووی گیروگرفتێکی گەورە بوونەتەوە ئەویش بلاٌوبونەوەی ڤایرۆسەکەیە ، نەبوونی پرۆژەی خۆپاراستن وخراپی باری ئابووری ئەو ولاٌتانە بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت کونترۆڵی بلاٌوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بکرێت . ئەو ولاٌتانەی کە لە بواری خۆپاراستن و رۆشنبیرکردنی دانیشتواندا توانایان هەیە ئەمرۆ هەوڵ دەدەن یارمەتی ولاٌتانی دی بدەن ، بۆ نمونە بریار وایە لە ساڵی 2005 دا سوێد یارمەتی چین بکات لە هەردوو بواری زانیاری و زانستی دا .

دوا ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕۆژی 23 نۆڤەمبەری ساڵی 2004 :

1– ژمارەی تووشبوانی بە HIV نزیکەی 39.4 ملیۆن مرۆ ، لەمانە :

– نزیکەی 37.2 ملیۆن گەورەساڵان .

– نزیکەی 17.6 ملیۆن مێ .

– نزیکەی 2.2 ملیۆن منداڵ (ژێر 18 ساڵان).

2– لە ساڵی 2004 دا نزیکەی 4.9 ملیۆن مرۆ تووشی HIV بوون ، لەمانە:

– 4.3 ملیۆن یان گەورەساڵان .

– 640.000 منداڵ (ژێر 18 ساڵان).

3– لە ساڵی 2004 نزیکەی 3.1 ملیۆن ئایدزدار مردوون، لەمانە :

– نزیکەی 2.6 ملیۆن گەورەساڵان .

– 510.000 منداڵ (ژێر 18 ساڵان) .




ئەمانە لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە چەند ساڵێکە تێبینی ئەوە دەکرێت هەرچۆن بەکتریای ستافیلۆکۆکەس بەرگری دژی پەنسیلین پەیدا دەکات و بە MRSA ناسراوە ئاواش ڤایرۆسی HIV بەرگری دژی زۆربەی ئەنتیڤایرۆسەکان پەیداکردووە .

هەرچەندە هەوڵێکی زۆردراوە لە ڕێگای تێکەڵکردنی ئەنتیڤایرۆسەکانەوە ڕێگە لەو بەرگرییە بگیرێت بەڵام پێدەچێت سەرکەوتن لەم بوارەدا سنووردارە . لە هەندێك شاری ئەمریکادا بەرگری ڤایرۆسەکە بە ڕێژەی لە 20٪ دەبینرێت بەڵام لە هەندێك شاری باشووری ئەورووپادا ڕێژەکە دەگاتە لە 10٪ . ئەم بەرگری پەیداکردنەی ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی هەوڵدان و توێژینەوە بۆ دروستکردنی ئەنتیڤایرۆسی باشتر پێش ئەوەی گیروگرفتەکە گەورەتر ببێت و مەترسی لێبکەوێتەوە .

## کوتانێکی ئەورووپایی دژی ڤایرۆسی HIV تاقیدەکرێتەوە .

هەموان ئەو ڕاستییە دەزانین کە تا ئەمرۆ کوتانی دژی تووشبون بە ڤایرۆسی HIV و نەخۆشی ئەیدز نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆپاراستن بەکاری بهێنێت .
هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری توێژیارانی ئەم بوارە لە هەوڵی ئەوەدابوون کوتانێك دروست بکەن بەڵام گیروگرفتی زۆر هاتە ڕێگایان و هەندێکیان وازیان لیهێنا و بەڵام هەندێکی دی کۆڵیان نەداوە و هەنووکەش بەردەوامن .
بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی 1999 وە بە پێی پرۆژەیەکی گەشەپێکراو لە ئەورویا لە لایەن کۆمەڵێك پسپۆر و توێژیاری وڵاتانی بازاری هاوبەشی ئەورویا بەشداری دروستکردنی ئەو کوتانە بوون .
ماوەیەك لەمەوبەر توانیان کوتانێك بە نێوی (Nyvac- HIV C) دروست بکەن و لە یەکەم قۆناخی تاقیکردنەوەکەیاندا ئەنجامی باشیان وەدەست هێناوە .
لەو قۆناخەدا کوتانەکە لە (لاوسەنێی سویسرا و لەندەنی ئینگلستان) تاقیکراونەتەوە .
لەو توێژینەوەیەدا کە تیایدا 24 مرۆی لەشساخ بەشداربوون (هەموویان مەترسی ئەوەیان لێدەکرا تووشی ڤایرۆسەکە بن) ، لەو توێژینەوەیەدا لەمەڕ وەڵامدانەوەی کۆئەندامی بەرگری لەش کۆڵراوەتەوە .
پاش ماوەیەکی دی تاقیکردنەوەیەکی کلینیکیانەی نوێ لە سەر کوتانەکە دەکرێت ئەمجارە بە بەشداری کوتانێکی دی لەسەر بنچینەی DNA .
ئەوەی شایانی باسەو گرنگیشە پێویستە ئاماژەشی پێبکرێت ئەوەیە کە کوتانەکە کەوتۆتە قۆناخی تاقیکردنەوەی کلینیکیانەوە . ئەوانەی کوتانەکەیان لەسەر تاقیکراوەتەوە زانیاری ئەوەیان پێدراوە کە لەشیاندا بەرگری دژی ئەو جۆرە HIV یە وەردەگرێت کە لە ئەورووپادا بڵاوە ، واتە HIV جۆری B و لە ئاسیادا بڵاوە و HIV جۆری C لە ئەفریقادا بڵاوە .
ئەوەی ڕاستی بێت ئەم کوتانە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە مرۆ دەدرێت . پرۆتینەکانی نێو کوتانەکە دەبنە هۆی هەژاندنی بەرگری لەش و زێدبوونی توانای لەش تا لە پاشتر جۆرەکانی ڤایرۆسەکە بناسرێتەوە . هیوا زۆرە کە کوتانەکە بەرگرییەکی باش بە لەشی کوتراوەکان بدات .
تێبینی : ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی – WHO

سەرچاوەکان


1. Eurovac-nätverket, nr.4.2004.
2. Medicinsk vetenskap, karolinska Institut. N0.2. 2004;3.
3. www.who.int/mediacentre/news/relases/2004 .
4. Svenska dagbladet. publicerat 25 Nov. 2004.